# گفتوگۆی "ئۆکتۆبەر"و "الشیوعیە العمالیە" لەگەڵ هەیسەم عەلی، سکرتێری لقی کەرکوکی یەکێتی بێکاران لە عێراق

**ئێوە وەکو نوێنەری یەکێتی بێکاران لە عێراق لەسەر بانگهێشتی ZENKO (کۆمەڵەی نیشتمانیی بۆ ئاشتیو دیموکراسی)و MDS بزووتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراسی سەردانی وڵاتی ژاپۆن-تان کرد. مەبەست لەم بانگهێشتکردنە چی بوو؟ لەوێ چۆن پێشوازیتان لێکرا؟**

هەیسەم عەلی: لەسەرەتادا دەمەوێ خاڵێکی گرنگ لەمبارەیەوە روون بکەمەوە، ئەویش ئەوەیە کە ئەم بانگهێشتە ئاراستەی یەکێتی بێکاران کرابوو وەکو گەورەترین رێکخراو لە عێراقدا لەڕووی ژمارەی ئەندامانیەوە، وە وەکو رێکخراوێك کە زۆرترین چالاکی نواندووە بۆ سازدانی جەماوەر، هەروەها لەبەرئەوەی رێکخراوەکەمان بەشێوەیەکی بەردەوامو لێبڕاوانە کاردەکات بۆ خزمەتکردنی جەماوەرو لەپێناوی نەهێشتنی ئەو کوێرەوەرییانەی کە گیرۆدەی خەڵکی عێراق بووە. ئەم رۆڵە بەرجەستەیە بەشیوەیەکی بەرچاو ریزو راستگۆیەتی پەیدا کرد نە تەنیا لەنیو شەقامی عیراقیدا، بەلکو لەئاستی نیو نەتەوەییشدا، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئەم ریکخراوە جیهانیانەی کەلە ئاستیکی بەرفراواندا ناسراون بانگهیشتمان بکەن بۆ ژاپۆن. مەبەست لەم بانگهیشت کردنە نیشاندانی هاوپشتی جیهانیە بۆ بزوتنەوەی کریکاری و چینی کریکارو، یەکخستنی خەباتی هاوبەش بۆ بزوتنەوەی کریکاریی ژاپۆن و عیراق و وەستانەوە لە سەنگەریکدا دژی هەمەجیەتی نیزامی سەرمایەداری بەشیوازە جۆراوجۆرەکان. هەروەها توانیمان وینەیەکی راستگۆیانە بگوازینەوە لەواقعیەتی کۆمەلایەتی و ئابوری و سیاسی، کە لەژیر سایەیدا کۆمەلگای عیراق ژیانی تیادا دەکات کەبریتییە لە داگیرکاری و تیرۆریزم، وە چۆن دەزگا راگەیاندنە جۆراوجۆرەکان تیرۆریزم وەك بەرەنگاریکردنی داگیرکاری نیشان دەدەن وەك لە کەنالە ئاسمانیە عەرەبیەکاندا دەیبینین یان ئەوەی کە ئەمە شەری ئەمریکایە لەبەرانبەر تیرۆریزمدا وەك لە کەنالە ئەمریکیو غەربیەکاندا دەیبینین. لەکاتیکدا ئەمە کیشمەکیشی دووبەرەی تیرۆریستیە کەپیك هاتووە لە هیزەکانی ئەمریکا لەلایەك و تاقمەکانی ئیسلامی سیاسی و پاشماوەکانی نیزامی بەعس لەلایەکی ترەوە. هەروەها رۆشنمان کردەوە کە چۆن بەرەی مەدەنیەت لە عیراقدا لەلایەن یەکیتی بیکاران و ریکخراوی ئازادی ژن و ریکخراوی داکۆکیکردن لە سکۆلاریزم و حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق نوێنەرایەتی دەکرێتو ئەم رێکخراوانە پیشرەوایەتی ئەم بەرەیە دەکەن و خەباتیکی یەکگرتوانە دەکەن دژی هەردوو ئەم بەرەیە. وە رۆشنمان کردەوە بۆیان کەچۆن کۆمەلگای عیراقی کۆمەلگایەکی مەدەنیی و پیشکەوتنخوازە و کۆمەلگایەکی ئیسلامی و عەشایری یان تائیفی نییە هەروەك ئەو دوو بەرە تیرۆرستیە نیشانی دەدەن هەریەکەیان بە پیی بەرژەوەندی خۆیان. هەروەها بە دریژی باسمان لە بیکاری نیو کۆمەلگای عیراق کرد وە ئەو وەزعیەتە فەلاکەتبارەی کەبیکاران و خیزانەکانیان تیایدا دەژین، هەروەها خەباتی یەکیتی بیکاران لەم پیناوەدا وە ئەو خۆپیشاندان و مانگرتنانەی کە تا ئیستا ریکیخستووە بۆ خستنە روی داخوازیەکانیان لە بەدی هینانی بیمەی بیکاری یا کاری گونجاو، وە ئەوانیش دووبارە تەئکیدیان لە پشتیوانی خۆیان کردەوە بۆ هەموو داخوازیەکانمان و هاوپشتی کردنی بزوتنەوەی کریکاریی لە عیراقدا، وەریکخستنی ریزەکانی چینی کریکار لە ئاستی نیونەتەوەییدابۆ بەدیهینانی ئەم ئامانجە، وە لەراستیدا پیشوازیکردنیان لیمان لەئاستیکی زۆر بالادا بوو ئەویش بەهۆی ئەو مەسەلانەی لە سەرەتای قسەکانمدا باسم لیوە کرد.

**بەرنامەکاری ئایندەتان چییە؟**

هەیسەم عەلی: بەردەوام دەبین لەو بەرنامە کارەی پیشومان بۆ کۆکردنەوەی جەماوەر وە گوشار خستنە سەر دەسەلاتە بەرپرسەکان، بۆ زامن کردنی کاری گونجاو یان بیمەی بیکاریی ودابین کردنی بیمە تەندروستیەکان بە خۆرایی، هەروەها هەلدەستین بە ریکخستنی چاوپیکەوتنی رادیۆیی و تەلەفزیۆنی بۆ رۆشن کردنەوەی لایەنە جیاجیاکانی ئەم سەردانە و ئەو هاوپشتیە چینایەتیە لەگەل بیکارانی عیراق و حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق و ریکخراوە جیهانی و بزوتنەوەی کریکاریی ملیۆنی لە ژاپۆن و چەندین ولاتی جیهانی وەك بەلگەیەکی حەقیقی بۆیان لە خەباتیاندا بۆ داخوازیە بەرحەقەکان لە دابین کردنی کاری گونجاو یان بیمەی بیکاریی.